وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق.

زانکۆی -سەلاحەدین

کۆلیژی -زمان

زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر

Salahadin university -Erbil


# (چەپکێک لە وشەو زاراوەی تایبەت بە شێوەزاری ناوچەی دوزخورماتوو)

پرۆژەی دەرچوون

پێشکەشە بە بەشی (زمانی کوردی) وەکو، بەشێک لەپێداویستتیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس

**(زمانی کوردی)**


**ئامادەکردنی لە لایەن:**

**وەفا احمد عباس**

**بەسەرپەرشتی:**

**ساکار ئەنوەر**


**٢٠٢٤-٢٠٢٣**

- سەرەتا سوپاس بۆ خوای گەورە کە دەرفەت و هێزی پێدام لە نووسینی ئەم توێژنەوەیە.
- سوپاسی تایبەت بۆ دکتۆری ئازیز(د.ساکار ئەنوەر) وەک سەرپەرشتیارێک هاوکاری بوو لە نووسینی ئەم توێژنەوەیە.
- سوپاس بۆ ئەو کەسانەی کە یارمەتیدەر بوون لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە.

**ناوەڕۆک:-**

پێشەکی......................................................................١
پێکهاتەی لێکۆڵینەوە.............................................................٢
بەشی یەکەم.....................................................................٣
کورتە مێژوویەکی ناوچەی دوزخورماتوو..................................٣ - ٥
سنووری جوگرافی ناوچەی دوزخورماتوو...................................٥ - ٦
شێوەزاری ناوچەی دوزخورماتوو.............................................٦
فەرهەنگ و زاراوەسازی لای کورد.........................................٧ - ٩
بەشی دووەم.......................................................................
چەپکێک لە وشەو زاراوەی تایبەت بە شێوەزاری ناوچەی دوزخورماتوو
ئەووشانەی تایبەتن بەبواری ئاژەڵداری.......................................١٠
ئەو وشانەی تایبەتن بەبواری کشتوکاڵ........................................١١
ئەو وشانەی تایبەتن بە خزمایەتی..............................................١١
ئەو وشانەی تایبەتن بە ژن و ژن خوازی.......................................١٢
ئەو وشەو زاراوانەی تایبەتن بە خشڵ و زێڕ و زیو.......................١٢
ئەو وشانەی تایبەتن بە پێداویستی ناوماڵ.....................................١٣
ئەو وشەو زاراوانەی بۆ جێگەو شوێن بەکاردێت............................١٤
ئەنجام...............................................................................١٥
لیستی سەرچاوە.....................................................................١٦

## پێشەکی:-

شێوەزاری دوزخورماتوو هەروەک هەموو شێوەزارێکی تر خاوەن خاسییەت تایبەتمەندی خۆیەتی و لە کۆمەڵێک وشەو ڕستەی جۆراوجۆر پێک هاتووە، بێگومان شێوەزاری دوزخورماتوو سەربە شێوەزاری گەرمیانی یەو لە ناوچەی گەرمیان ودەورووبەری لە ڕووی شێوەزارە و زۆر لەیەک نزیکن و وەک ناوچەکانی (دوزخورماتوو -کەلار- کفری....،هتد)

## ناونیشانی لێکۆلینەوە:-

ناونیشانەکەی بریتییە لە(چەپکێک لە وشەو زاراوەی تایبەت بە شێوەزاری ناوچەی دوزخورماتوو) لە ئاستی فەرهەنگسازی و زاراوەسازی بە پێی پێویست، ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئاستەدا هەن، شییان دەکەینەوە.

## هۆی هەڵبژارنی بابەتە:-

بۆ لێکۆلینەوە لە وشەو زاراوەکانی شێوەزاری ناوچەی دوزخورماتوو ،زانینی ئەو گۆڕانکارییانە لە شێوەزاری دوزخورماتوو هەیە ،بە بە راورد بە زارەکانی تری (ناوەڕاست).

## گرنگی باسەکە:-

گرنگی ئەم باسە بۆ ئاشنابوونە بە شێوەزاری دوزخورماتوو ،چۆنییەتی ئەو وشەو زاراوانەی کە بەکاری دەهێنن.

## کەرستەی باسەکە:-

بریتییە لە تۆمارکردنی دەنگی ئاخێوەرانی هەرە بەتەمەنەکانی ناوچەکە ، لەگەڵ سوودوەرگرتن لە هەندێ سەرچاوەی زمانانی تر وەک زمانی عەرەبی.

## سنووری باسەکە:-

ئەم باسە لە چوارچێوەی دیالێکتی زاری ناوەڕاست (شێوەزاری گەرمیانی)، لە فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی دەکۆڵێتەوە.

## ڕیبازی لێکۆلینەوە:-

لە سنووری ئەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی (وەسفی-مەیدانی-بەراوردکاری)

دەبەستێت،لە ریگەی شیکردنەوە ئەو وشانە و چۆنییەتی بەکارهێنانیان و بەراوردکردنیان بە شێوەزاری سۆرانی.

## پێکهاتەی لێکۆلینەوە کە:-

لێکۆلینەوەکە لە دووبەش پێکهاتووە:-

بەشی یەکەم:-باس لە مێژووی ناوچەی دوزخورماتوو دەکات و ڕەچەڵەکی وشەی (دوزخورماتوو)،سنووری جوگرافیای ئەو ناوچەیە ،هەروەها باس لە فەرهەنگ و زاراوەسازی لای کورد دەکات

بەشی دووەم:- باس لەبەکارهێنانی ئەو وشانە دەکات کە لە شێوەزاری دوزخورماتوو بەکاردەهێنرێت،ئەم وشانە تایبەتن بە بوارێکی دیاریکراو وەک بواری (کشتوکاڵ - ئاژەڵداری -خزمایەتی -ژن و ژنخوازی-خشڵ و زێرو زیو-جێگەو شوێن).

## بەشی یەکەم//کورتە مێژوویەکی ناوچەی دوزخورماتوو:-

پێش ئەوەی بچینە کورتە باسێکی مێژووی ناوچەی دوزخورماتوو پێویستە بزانین وەک ،چەمک ناوی دوزخورماتوو لە چییەوە هاتووە.

(( لە کتێبی (اسماء المدن و الموقع العراقية)دا مامۆستا جەمال بابان سەبارەت بە کرۆکی ناوی (دوزخورماتوو-خورماتوو)بەم چەشنە بیروڕاکانی دەخاتە ڕوو:

١.ڕیشەی ناوەکە بریتییە لە (خورماتی)یان (خورماتوو)وشەی (خورما)بەمانای (تمر) دێت وشەی (توو)بەمانای (التوت)دێت،بەمشێوەیە هەردوو وشەکەکوردین و پێکەوە مانای توویەک دەگەیەنێت کەوەک (خورما)یە لە قەبارە شیرینیدا.

٢.ڕیشەی وشەکە لێکدراوی دووزخورماتوو ،وشەی دووزبەمانای خوێ دەگەیەنێ لەزمانی تورکیدا (خورما)ش بەمانای (تمر)دەگەیەنێت،بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە گوایە هەردوو کەرستەکە لەناوچەکەدا بەزۆری هەیە.

٣.وای بۆ دەچێ کەناڵەکە ئاشوورییە چونکە لەسەردەمی کۆندا ئەم ناوچەیە پێ دەوترا(خیرمتی) دواتر بەپێی قۆناغە مێژوویەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە(خورماتی) (خورماتوو)دواتروشەی (دووز) بۆ زیادکراوەو بووە بە (دووزخورماتوو))

((*( بابان:٢٠١٢ :ل.١٩٥)

((مێژوونووسی خوالێخۆشبوو (محمەد جەمیل ڕۆژبەیانی)

دەڵێ:(شاری خورماتوو شارێکی کۆنی ناوچەکەیە ،هەروەها پێی وایە لەساڵی (٧٣٦)کۆچی شاهرزادە (عومەر شێخ کوڕی ئەمیر تەیموور گورکان)ی تیادا کوژراوە لەدرێژەی بیروڕاکانی دەڵێ ناوی (خورماتو) لەناوی یەکێک لە سەرکردە سەربازییەکانی (مەغۆل)ەوە هاتووە))*( بارام :٢٠١٢:ل.١٨)

((بەڵام بۆچوونی باشترین لێکۆلێنەوە،کەتاکو ئێستا کرابێت بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەگ و ڕیشەی ناوی ئەم شارە، ئەو زانیارییانەی کە مێژوو نووسی ناوداری کورد ( د.کەمال مەزهەر) لە لێکۆلینەوەی کەیدا بە ناونیشانی (کرکوک وتوابعها ،حکم التأريخ الچمر) ئاماژەی بە ڕەگ و ڕیشەی ناوی ئەم شارە کردووە دەڵێت خوورییەکان کە دەسەڵاتداری وڵاتی ئاشوور بوونە لە ماوەی حوکمڕانیاندا ژمارەیەک شاریان دروستکردووە ،کەسەر بە کەرکوک بوونە ،یەکێک لەوانە شاری (دوزخورماتوو)ە کە ئەمڕۆ بەو ناوە بانگ دەکرێت ،بەڵام ناوی ئەم شارە

لە بنچینەدا (خورماتوو)ە کە لە دوو وشە پێک هاتووە،(خور) بەمانای (خوورییەکان )دێت و (ماتوو) لە زمانی ئەکەدی بەمانای شار دێت ،بەواتای هەردوو وشەکە پێکەوە بەمانای شاری خورییەکان دێت. دیارە خورییەکانیش یەکێکن لەو گەلانەی کە ئەمڕۆ گەلی کوردییان پێکهێناوە.)) (بارام:٢٠١٢:٢٠بۆ٢١)

-وەک ڕای تایبەتی خۆم سەبارەت بەناوی(دووزخورماتوو)،ئەو بۆچوونەم لاڕاستە کە دەلێت،(دووز) بەمانای خوێ دێت و (خورما) بەمانای (تمر)دێت چونکە ئێستاش ئەو شارە لەڕووی کەرستەی (خورما و خوێ) بەناوبانگە و هەردوو کەرستە بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد لەو ناوچەیە بەدی دەکرێت.

(( سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکەم بینایی شاری. توز لەسەر لوتکەی گردێکی بەرزبوەوە لە دامێنی زنجیرە چیایەکە (مرتضى علي)بەهۆی بوونی ڕێگای هاتووچۆ، کانیاوێکی ئا وو سەوزەوات لە دەورووبەری ئەو کانییە وە.شارەکە قەڵایەک بووە بەناوی(قەلای خورماتو)و(قەلای کاخۆر)بووە ،(قەلای خورماتوو)پێش ئەوەی لەسەردەمی عوسمانیدا لە زۆر کتێبدا باسی لێوەدەکرێت)) *( گرمگی:٢٠٢٣:ل.١٩)

((ناحیەی دوزخورماتوو بەپێی فەرمانی شاهانە لە٢٦کانوونی دووەمی ساڵی(١٩٥١)کراوەبەقەزا)) *(گرمکي:٢٠٢٣:ل.)

((ناوەندی قەزای خورماتوو نزیکەی (٢٠)میل لە باشووری داقوق و(٤٨)میل لەباشووری کەرکووک دوورە،ژمارەی دانیشتووانی ئەم قەزایە (٢٣هەزار)کەسە مەزەندە دەکرێت کە زۆربەیان تورکن و وە گرنگترین خێڵەکانی بریيتین لەبەیات،داود وە چەند ئەندامێکی خێڵی تر.بەناوبانگترین شوێنە پیرۆزەکانی بریيتین لە(مەزارگەی شێخ شێخ موحسین،مورتەدا علی،ئیمام احمدو ئیمام حەسەن))) *(گرمکی:٢٠٢٣:ل.١٢٤)

## سنووری جوگرافیای ناوچەی دوزخورماتوو:-

بێگومان مەسەلەی جوگرافیا بۆ خۆی بابەتێکی گرنگە بەڵگەیەکی باشە بۆ سەلماندی بوونی هەرچی گەل و نەتەوەیەک بێت،لە هەر شوێنێکی دنیا بێت. ((بە بنەڕەتدا سنووری ئەم قەزایە بەشێکی گرنگی پارێزگای کەرکوک پێک دێنێت و لە ڕووی ئابووری و چڕی دانیشتووانەوە هەمان بایەخی هەیە.

-ناحییەکانی ئەم قەزایە بریتین لە:-

١-ناحییەی داقووق ٢-ناحییەی قادرکەرەم. ٣-ناحیەی نەوجول

٢-ناحییەی ئامرلی. ٥-ناحییەی سلێمان بەگ)) *( بارام:٢٠١٢:ل.٦٨)

بەمەش قەزاکە جگە لە ناوەندی شار لە پێنچ ناحیەی پێکهاتووە.

(( لە ڕووی سروشت و تۆپۆغرافیای ناوچەکەوە،ڕێک تەواوی سنوورەکەی دابەش دەبێت بۆسەر دوو شێوەی جیاواز:-

شێوەی یەکەم// خۆی بەناوچەیەکی فراوانی نیمچە شاخاوی دەبینێتەو دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارەکە وبەزنجیرە شاخی هەنجیرە بۆ سەرەوە دەست پێدەکا بریتییە لە

سنووری هەردوو ناحییەی (نەوجول)و(قادرکەرەم)،کە خۆی لەتەواوی گوندەکانی ناوچەی (داود،گڵ،زەنگەنە،شێخان) دەبینێتەوە .

شێوەی دووەم// بێگومان خۆی لە ناوەندی قەزاکە و سنووری هەردوو ناحییە(سلیمان بەگ و ئامرلی)دا دەبینێتەوە،کەتەواوی ناوچەکە تەخت و دەشتایەیە دەکەوێتە نێوان هەردوو زنجیرە شاخی حەمرین و هەنجیرەوە لە ڕووی پانتایی و فراوانییە و کەمترە، کە پتر بۆیاری کشتوکاڵ بەکەڵکە.جگە لە ناوەندی قەزاکە و بەشێکی خۆرئاوای شارەکە، دانیشتووانی باشووری شارەکە بەشی هەرە زۆری بریتییە لە عەرەب و تورکمان.))
*(هەمان سەرچاوەی پێشوو ،ل.٦٩)

## شێوەزاری ناوچەی دوزخورماتوو:-

بێگومان ناوچەی دوز خورماتوو هەروەک هەموو ناوچەو پارێزگایەک شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە ،وەهەروەها شێوەزاری دوزخورماتوو سەربە زاری ناوەڕاستە .

(( زاری ناوەڕاست پێک دێت لە شێوەزارەکانی (موکری،سۆرانی،ئەردەلانی،گەرمیانی)))
(خورشید:٢٠٠٨:ل.٤١)

((شێوەزاری گەرمیانی بەپێی زۆربەی پێوەرەکان شێوەزارێکی کرمانجی ناوەڕاستە،ئەم شێوەزارە خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی لە ئاستەکانی دەنگسازی ومۆرفۆلۆژیو سینتاکسدا، هەر ئەو خەسڵەتانە یە، کەلە شێوەزارەکانی کرمانجی ناوەڕاست جیای دەکاتەوەلە ناویدا شێوەزاری سلێمانی.)) ( محەمەد:٢٠١٥:ل ١٢.)

(( (گەرەکی شۆریجە)لە لای ڕۆژهەڵاتی شارەکە وە دەست پێدەکات بەرەو باشووری ناوچەی کفری،خورماتوو،کەلار،قەرتەپە تا سنووری دەستپێکردنی خانەقین لە لای باشوورەوە،، یان ئەو ناوچانە دەگرێتەوە ،کە لە کەرکووک بەخوارەوە قسەی پێدەکەن،تا دوا ئاوایی زاری ناوەڕاست لە کوردستانی عێراق)) (طالب:٢٠٠٦:ل ٦٧بۆ ٦٨)

## فەرهەنگ و زاراوەسازی لای کورد:-

((ئەگەر سەرنجێکی لە کتێبخانەی زمانەوانی هەر میللەتێک لە میللەتە پێشکەوتووەکانی ئەم سەردەمە بدەین،بۆ مان دەچەسپێ کە زمانەوانەکان گرنگی یەکی ئێجگار زۆریان بە لێکۆلینەوەو یەکلاکردنەوە و باسکردنی قوڵی وشە وبەگشتی و زاراوە بەتایبەت داوە.)) (بەسیر،١٩٧٩،ل٩)

((زاراوەی کوردی لە زمانی کوردیدا یە ڕێگایەکی نا هەمواری پێشکەوتندا تێپەڕبووەو هەمیشە لە کێشەدا بووە،بەڵام هیچ لە بارەیەوە نەنووسراوەولێ

نەکۆڵدراوەتەوە .)) (عەبدوڵلا،٢٠٠٧،ل١٤)

(( مێژووی زاراوە لە زمانی کوردیدا پەیوەستە بە مێژووی پێشکەوتنی زمانی کوردیەوە ئەگەر تەماشای کاری فەرهەنگنووسی کوردی بکەین،کێشەی زاراوەی کوردی دەبینین بە وێنە ((نەوبەهار))ی ئەحمەدی خانی و شێخ مارفی نۆدەیی ((الهدیة الحمدیة فی اللغة الکردیة)) ی یوسف زیائەدین خالد پاشا و....،هتد. گەلێک زاراوەی وەها تۆمارکراون کە ئێستا سەرچاوەن و پەنایان بۆ دەبەین شێخ مارفی نۆدەیی کە((پشتر))ی بەرانبەر((اصطیل)) و ((شاگرد))ی بەرامبەر((تلمیذ)) بەکارهێناوە)).(گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد،بەرگی سێیەم،بەشی یەکەم،١٩٧٠،ل٤٩٨).

(( ئەوە کێشەی زاراوەی ئەو کاتەمان بۆ روون دەکاتەوە، لەم ساڵانەی دواییدا فەرهەنگووسەکانمان لە لە فەرهەنگەکانیان گەلێک زاراوەی کوردییان تۆمارکردووە، بەوەدا پێشکەوتن و گەشەسەندنی زاراوەی کوردیمان بۆ دەردەکەوێ.

_ بەوێنە :مامۆستا گیوی موکریانی ((هاندەران)) بۆ ((خارجیە)) و ((شارەوانی)) بۆ ((بلدیة)) داناوە،مامۆستا مەردۆخ (پاژ))ی بۆ ((جزی)) و ((ڕژد))ی بۆ ((حریص)) بەکارهێناوە.

_ مامۆستا محەمەدی خاڵ ((پەیجوور)) ی بۆ ((تحیقیق الشرطة)) و ((وەرزش)) بۆ ((ریاضة)) تۆمارکردووە، مامۆستا تۆفیق وەهبی ((پار))ی بۆ((فضل الکتاب)) ((دادخواز)) ی بۆ ((مشتکی)) بەکارهێناوە. )) (عەبدوڵلا،٢٠٠٧،ل١٤)

( مێژووی دانان و سازکردنی زاراوە لە هاوکاری فەرهەنگ نووسین دا دواکەوتوو و دانانی زاراوەی کوردی بەتایبەتی لە شۆڕشی (١٤)تەمموزی ساڵی (١٩٥٨)ەوە برەوی سەند. کاتێک خوێندن لە زۆربەی خوێندنگاکانی کوردستان کرایەوە،پێویستی زاراوەی زانستی ،زانستی ئابووری پەروەردەیی و چەندین بواری دیکە هاتە پێشەوە.بەم بۆنەیە مامۆستایانی کوردستان لیژنەیەکی تایبەتیان دادەنا و زاراوەی پێویست و گرنگییان دادەنا و لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)بڵاوییان دەکردەوە. ئەم کارە لە سنووری قوتابخانە دەرچوو سنورێکی فراوانتری تێپەڕکردووە چەندین پسپۆر و مامۆستا لیژنەیەکی تایبەتیان دادەنا و کارییان لەسەر فەرهەنگ و زاراوەدەکرد) (عەبدوڵلا،٢٠٠٧،ل١٥)

(وەک: مامۆستا جەمال نەبەز دەڵێ:هەرچەندە ئەو سەردەمە زمانی کوردی لە نێو خوێندنگا ناوەندێکاندا بۆ خوێندن بە کارهێنرا بەڵام هەر هیوای ئەبڕی لەساڵی(١٩٦٠) بەرگێکی فیزیکم بەنێو ((سەرەتا میکانیک و خۆماڵەکانی مادده)) لە چاپ گەیاند ،لەکاتی خوێدا واتا ساڵی(١٩٥٦) لە کەرکوک نووسیومە ئەم کتێبە یەکەمین کتێبی زانستە کە بە زمانی کوردی نووسرابێتەوە ، ئەم فەرهەنگۆکی کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی یە کراوەتەوە پشکۆی کتێبەکە کە یەکەمی فەرهەنگۆکی زاراوەی کوردی یە .) ( نەبەز،١٩٧٦،ل ١٧) ( هەر لەو ساڵەدا نامیلکەیەک بەناوی (هەندێک زاراوەی زانستی) لە سلێمانی بە چاپ گەیاند لەساڵی (١٩٦٠).) (هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٨).

((وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانیش هەر لە ڕۆژی دامەزراندنی یەوە لایەنی فەرهەنگ و زاراوەی بابەتەکانی خوێندنی فەرامۆش نەکردووە، بەردەوام هەوڵی بەرچاوی لەم بوارەدا هەبووە ، لە لاپەڕەکانی گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)شایەتی ئەدەبن ،کە هەر لە ژمارە (٤)ی ئەم گۆڤارە هەر جارە وکۆمەڵێک زاراوەی پێویست بە

هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاودەکاتەوە ،هەروەها (فەرهەنگی مامۆستا) ش لەچاپ داوە،کە زاراوە جۆربەجۆرەکانی هەموو بابەتەکانی خوێندنی تێدایە.بە کوردکردنی زمانی خوێندن لە ئامادەییە پیشەییەکان و پەیمانگا کانی پێگەیاندنی مامۆستایان دا پێویست بە شارەزایانی زمانی کوردی بووە، بەتایبەت لە ڕووی زانستییەوە وەکو بابەتەکانی کارەبا و ئەلیکترۆن و ئۆتۆمبێل و دارتاشی لە خوێندنی پیشەسازیدا و لقەکانی کشتوکاڵی و بازرگانی،ئەمەش هەنگاوێکی دیکەی

وەزارەتی پەروەردە بووە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانەکەمان لە ڕووی بەکارهێنانیلە بابەتە زانستییەکاندا و پانتایەکی لەباری دروست کرد بۆ خوێندن لە هەموو لقە زانستییەکان..هەرپڕۆژەیەک دەربارەی پەرەپێدانی زمانی کوردی ،جادانانی فەرهەنگۆکی کوردی یان یەکەم دەزگا وەزارەتی پەروەردەەگرێتەوە.هەر ئەویش بە شێوەیەکی سەرەکی سوودی لێوەردەگرێت دیارە بە کارهێنانی زمانی کوردی لەدانانی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر دا تۆمارکردنی بابەتەکانی لە تۆڕی ئینتەرنێتدا ، زمانەکە دەباتە ق قۆناغێکی نوێی هاوچەرخ و ئەمەش یەکێکە لەکارە هەرە پێویستییەکانی وەزارەت)).( هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥).

(( لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان (١٩٩١)دا لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا وئێستاش لەگەڵدابێت، زاراوەدانان و بایەخ بەزاراوەسازی کوردی گرِوتینێکی چاکی بە خۆیەوە دیووە پەرەی سەندووە و بەپێی پێشکەوتنی زانست و زانیاری و فراوان بوونی ڕاگەیاندن وئاڵوگۆڕی زانیاری لە ڕێگەی میللەتانی دیکەدا ،لەڕێگەی ئینتەرنێت و فاکس و ئامرازەکانی دیکەی گەیاندنەوە ئێستاش لە کوردستانی ئازاد دا کۆڕی زانیاری کوردستان بەهەمان ڕێچکەی کۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا هەوڵدەدات هەنگاوی باش لە دانان و دروستکردنی زاراوە و بایەخدان بە زاراوەسازی کوردی ببینێت لە ڕێی لیژنەی تایبەت و پسپۆڕی زانستی زاراوەسازی)). (تاهیر،٢٠١٢،ل.٢٠).

## بەشی دووەم:- چەپکێک لە وشەو زاراوەی شێوەزاری ناوچەی دوزخورماتوو.

-ئەو وشانەی تایبەتن بە بواری ئاژەڵداری:-

| شێوەزاری دوزخورماتوو. | شێوەزاری ناوەراست شێوەزارەکانی تری ناوەراست |
|---|---|
| مامر | . مریشک |
| *گور | . گورگ |
| ڕانە مەڕ. | مێگەڵ |
| صۆنە | . مراو |
| *کەمتار | . کەمتیار |
| عەلەشیش. | قەل |

*هەروەها لەبواری ڕستەسازیشدا جیاوازی بەدی دەکرێت لەنێوان شێوەزاری دوزخورماتوو و شێوەزارەکانی تری زاری ناوەڕاست.

نموونە:-لەشێوەزاری دوزخورماتوو. شێوەزارەکانی تری زاری ناوەڕاست

| | |
|---|---|
| منالەکان وازییان کرد | منداڵەکان یارییان کرد. |

---

*پەیمان احمد اسماعیل،١٩٩١،وەرگیراوە لە ٢٠٢٤/١/١٤لە گەرەکی عەسکەری.

ئەو وشانەی تایبەتن بە بواری کشتوکاڵی:-

| شێوەزاری ناوچەی دوزخورماتوو. | شێوەزارەکانی تری ناوەڕاست |
|---|---|
| هەرە. | مشار |
| فەلاح. | جوتیار |
| ڕیک. | بیر ئاو |
| جفتیکە. | بیکێڵە |
| قوڵنە. | قازمە |
| ڕیشە. | ڕەگ |

ئەو وشانەی تایبەتن بە خزمایەتی:-

| شێوەزاری ناوچەی دوزخورماتوو. | شێوەزارەکانی تری ناوەڕاست |
|---|---|
| میمک. | پلک |
| بابا. | باپیرە |
| دادا. | داپیرە |
| خۆشک. | خوشک |

ئەو وشانەی تایبەتن بە ژن و ژنخوازی:-

| شێوەزاری ناوچەی دوزخورماتوو. | شێوەزارەکانی تری ناوەڕاست |
| --- | --- |
| خەسووی. | خەسوو |
| پاخەسووی. | بەربووک |
| غەزوویر. | غەزوور |
| وەوی. | بووک |

ئەو وشەو زاراوانەی تایبەتن بە خشڵ و زێڕ و زیو:-

| شێوەزاری ناوچەی دوزخورماتوو. | شێوەزارەکانی تری ناوەڕاست |
| --- | --- |
| *ئنسیلە. | مستیلە/ئەنگوستیلە |
| پشدوێن. | پشتێن/چیت |
| *گوێشەوارە. | گوارە |
| ملوێنک. | ملوانکەی/خەناوکە |

*حەبیبە ساڵح علی،١٩٧٦،وەرگیراوە لە ٢٠٢٣/١٢/١١ گوندی باشتەپە

**ئەو وشانەی تایبەتن بە پێداویستی کەل و پەلی ناو ماڵ:-**

| **<u>شێوەزاری ناوچەی دوزخورماتوو</u>** | **<u>شێوەزارەکانی تری ناوەڕاست</u>** |
|---|---|
| ***ئەسکەمیل.** | **کورسی** |
| **تەلاجە.** | **سەلاجە** |
| **قاپی.** | **دەرگا** |
| ***سحان.** | **قاپ** |
| **سەینا.** | **بالیف** |
| **قوشقانە.** | **مەنجەڵ** |

---

*لیلی احسان اسماعیل ،١٩٩٦،دوزخوورماتوو-گەڕەکی جوومری، وەرگیراوە ٢٠٢٤/١/١٤.

*فەرهاد محمد عباس،دوزخورماتوو-گەڕەکی عەسکەری،١٩٨٧،وەرگیراوە لە٢٠٢٣/٨/٢٤

**ئەو وشەو زاراوانەی بۆ جێگە و شوێن بەکاردێن:-**

| شێوەزاری ناوچەی دوزخورماتوو. | شێوەزارەکانی تری ناوەڕاست |
|---|---|
| ئاوایی. | گوند |
| مزگفت. | مزگەوت |
| بان خانی. | سەربان |
| شاریع. | جادە |

**ئەنجام:-**

١.جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت بەبەراوردکرنی نێوان شێوەزاری دوزخورماتوو و شێوەزارەکانی تری زاری ناوەڕاست بەتایبەتی لە ڕووی لێکسیک و دەنگسازی.

وەک:- ئەسکەمیل - کورسی        تەلاجە - سەلاجە

٢..فەرهەنگ و زاراوەسازی جێگەیەکی باشیان لە زمانی کوردیدا داگیر کردووە،وەک نموونەی دیار لە خوێندنی خوێندنگاکان و زانکۆ و پەیمانگاکان.

٣..لە ڕووی دەنگسازییەوە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان شێوەزاری دوزخورماتوو و شێوەزارەکانی تری زاری ناوەڕاست کە وشەکە بە دەنگێکی یاخود زیاتر لە دەنگێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

وە:-خۆشک_____خوشک

خانوو____خانی

٤.شێوەزاری دوزخورماتوو خاوەن خاسییەت و تایبەتمەندی خۆیەتی بەتایبەتی لە ڕووی ڕستەسازی.

وەک:-

ئێوارە تێمۆ_____ئێوارە دێمەوە

٥.شێوەزاری دوزخورماتوو سەربە زاری ناوەڕاستە لە شێوەزاری گەرمیانی،

شێوەزاری گەرمیانیش بە تێپەڕبوونی کات بۆتە شێوەزارێکی ناسراو و بەربڵاو بەتایبەتی لە ناوچەی کفری،قەرەتەپە،کەرکوک،تەلەعفەر،ئەو گوندانەی هاوسنوورن لە دەڤەری کەرکووک باکوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دیالە.

## سەرچاوەکان:-

١.جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی،چاپی یەکەم.ئەڵمانیا،١٩٧٦.

٢.حەسەن بارام،ڕەهەندەکانی بە کوردستانییبوونی قەزای خورماتوو ،چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارۆ، دوزخورماتوو ،٢٠١٢.

٣.ڕۆژان نووری عەبدوڵا، فەرهەنگی زاراوەسازی کوردی،چاپی یەکەم،چاپخانەی ئارۆ،سلێمانی،٢٠٠٧.

٤.د.کامل حەسەن بەسیر،زاراوەی کوردی،چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،١٩٧٩

٥..شەهاب شێخ تەیب تاهیر، بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا،چاپخانەی کەمال،سلێمانی،٢٠١٢.

٦.فوئاد حەمە خورشید،زمانی کوردی و دییالێکتەکانی شیکردنەوەی جوگرافیا ،چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٨.

٧..المحامی احمد حمید محمود گرمکی، التأریخ الأداري المدینة طوزخرماتوو،چاپی یەکەم، چاپخانەی دیدگاکان،بەغدا،٢٠٢٣.

٨..جمال بابان، اصول اسماء الموقع العراقیة، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەکادیمیای زانستی کوردی،بەغدا،١٩٨٦.

٩.گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم،بەشی یەکەم،١٩٧٠

١٠. بەختیار نصرالدین محمد طالب،گۆڕانی زمانی لە نێوان شێوەزاری سۆرانی و گەرمیانی بەپێی تیۆری شەپۆلەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،٢٠٢٣.

١١.د. ڕۆکان عەبدوللا محمەد، چەند تایبەتمەندییەکی ناوچەی گۆران لەڕووی فۆنەتیک و گراماتیکەوە ، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،٢٠١٥.

**چاوپێکەوتنەکان:-**

١٢.*پەیمان احمد اسماعیل،١٩٩١،وەرگیراوە لە ٢٠٢٤/١/١٤لە گەرەکی عەسکەری.

١٣.حەبیبە ساڵح علی،١٩٧٦،وەرگیراوە لە ٢٠٢٣/١٢/١١ گوندی باشتەپە.

١٤.*لیلی احسان اسماعیل ،١٩٩٦،دوزخوورماتوو-گەڕەکی جوومری، وەرگیراوە ٢٠٢٤/١/١٤.

١٥.*فەرهاد محمد عباس،،١٩٨٧،دوزخورماتوو-گەڕەکی عەسکەری،وەرگیراوە لە٢٠٢٣/٨/٢٤.